ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە

د. ئەورەحمانی حاجی مارف

خزمەتی شانازی پێوەکراوی مامۆستا مستەفا نەریمان لە مەیدانی گەورەی گەڕان بەدوای کتێبی کوردیدا شایانی ئەوەیە چەپکە گوڵی وەفای پێشکەش بکرێ . نامیلکەی « کتێبخانەی کوردی » (١٩٥٩) و کتێبی « بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی » ١٩٧٧) و گەلێ وتار لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا لەم ـبەتەوە ڕێگەی درێژی گەڕان و سۆراخ کردن و پرسیار بەدوای سەرچاوەی نووسینی کوردییاندایان بۆ خوێندەوارانی کورد کورت کردۆتەوە و بەڵگەی زرنگی نووسەرن لە هەڵبژاردنی کاردا ... کتێبی « ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە »ش (١٩٨١) بەردەوامیی هەوڵ و تەقەلایەتی و بشانەی بەرەو پێشەوە چوون و فراوانبوونی ئاسۆی بیرێتی.. ەلێ لێکۆڵینەوە لە پەیدابوون و گەشەکردن و جۆرەکانی ووسینی کوردی گرانترە لە بیبلیۆگرافیای ڕووت ، چونکە جگە ەوەی دەبێ دەمی پەیدابوونی هەر دیاردەیەك دەستنیشان بکات و پوختەیەکی مێژووی نووسینەکان ڕوونبکاتەوە، هەروەها ە بارەی بەشێك لەو بەرهەمانەشەوە کە لەبارەی ڕێنووسی کوردییەوە نووسراون ، پێویستە هەندێ نرخاندن و ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی تێدابێ .

بێگومان نووسینی مێژووی ڕێنووسی کوردی کارێکی ێجگار گەورەو بایەخدارەو بۆیە بێ سێ و دوو دەڵێم ، ئەو ێشەیەی مامۆستا نەریمان لێیداوە باسێکی زۆر پێویست و ڕنگە .. بەڵام ئەوەی پێوەندی بە چۆنیەتی بەجێهێنانی ئەرکەکەوەیەتی ، بەداخەوە تێیدا سەرنەکەوتووە .

ئەم بەرهەمەی مامۆستا نەریمان ـ « ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە » (بەغدا ، ١٩٨١)(١) ، کە کتێبێکی (٦٨) لاپەڕەییەو لەسەر ئەرکی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی چاپکراوە ، ئەگەر چی هەندێ زانیاریی وای تێدایە ، کە تا ئێستا باسیان نەکراوە ، بەڵام هەڵەو نادروستی و شێواندنی ڕاستی ، ناتەواوی و کەم و کورتی ، سادەیی و ساکار ...ی ئەوەندە زۆرە کە بەڕاستی ، بەرلەوەی بیخوێنمەوە چاوەڕوانی ئەوەم لێ نەدەکرد .

یەکێ لەو زانیارییانەی شایانی باسە ، خستنە پێش چاوی ئەو هەوڵە گەورەیەیە کە لە سازاندنی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ نووسینی کوردی لە لایەن یوسف ضیاءالدین پاشای خالدییەوە دراوە . ئەویش ئەوەیە کە لە چاپکردنی فەرهەنگی « الهدیه الحمیدیه فی اللغه الکردیه »دا(٢) بۆ نیشاندانی دەنگی (ۆ) و (ێ) لە ژێر نیگاری (و) و (ی) دا نیشانەی (٨)ی داناوە . من لێرەدا پێ لەوە دەنێم کە زووتر هەستم بەو هەوڵەی یوسف ضیاءالدین پاشا نەکردبوو ، بەڵام لە ڕێی کتێبی ناوبراوی مامۆستا نەریمانەوە ، کە لە لاپەڕە (١٧ ـ ١٨) دا باسی کردووە ، لێی ئاگادار بووم .

نووسەری کتێبی « ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە » زۆر ڕاست بۆ ئەوە چووە کە سالی ١٩١٩ بۆ یەکەم جار لە هەر

چوار ئنجیلەکان (مەرقۆس ، لۆقا ، مەتتی ، یوحەننا)دا بۆ نیشاندانی (ل)ی قەڵەو حەوت خراوەتە سەر پیتی لام (بڕوانە: ل ١٩) . بێگومان گلەیی لە مامۆستا نەریمان ناکرێت ، کە ئاگاداری ئەوە نییە لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)ی ل.و. فۆسسومیشدا کە هەر ساڵی ١٩١٩ چاپکراوە(٣) هەمان دیاردەی دانانی چوکلە بۆ نیشاندانی (ل)ی قەڵەو بەکارهاتووە.

ئەگەرچی ئەو جۆرە زانیارییانەو هەندێکی دی لە کتێبی « ڕێنووسی کوردی لە ڕەگو ڕیشەوە »دا بەرچاو دەکەون ، بەڵام بەداخەوە گەلێ شوێنی تری کتێبەکە جێی ڕەخنەیە :

ئەو نووسەرانەی دەربارەی ئەوە نووسیویانە کە لە کەیەوە کورد دەستی بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی کردووە ، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی زانستییان بە دەستەوە بێ ، بێ سێو دوو مەسەلەکە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پەیدابوونی ئیسلام لە کوردستاندا . هەرچی مامۆستا نەریمانیشە وای دەربڕیوە، کە گەلی کورد « لەوساوە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی قبوول کردووە»، نەك هەر « پیتی عەرەبی لە نووسیندا بەکارهێناوە»، بەڵکو کتێبیشی « پێ چاپکردووە » (ل ٦)... نووسەر لەم بە رهەمەی (ل ١٩)و لە کتێبی « بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی »دا (ل ٤) ، دیاری کردووە کە یەکەم کتێب سەرتاپای کوردی بێتو بەئەرکی کورد چاپکرابێت کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)ی ئەمین فەیزی بەگە ، کە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەستەموول چاپی کردووە. جا کە تەمەنی یەکەم کتێبی چاپکراوی کوردی لە لایەن کوردەوە نزیکەی شەست ساڵێك بێتو کەچی کوردیش پتر لە هەزار و سێسەد ساڵ لەمەوبەر ئاینی ئیسلامی وەرگرتبێ ، ئەوە بێگومان نێوانی واقیعو ئەو جۆرە خەملاندنە ئاسمانو ڕێسمانە .

کۆنترین سەرچاوە کە ئێمە بینیبێتمانو ئەوەی تێدا بەدیبکرێ کە نیگاری (ە) و (ی) و (و) بۆ سەرو ژێرو بۆر بەکارهێنرابێ دەستنووسی ژمارە (٤٤٨)ی کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کوردە . ئەم دەستنووسە ساڵی ١١٩٩ی ك ، واتە ١٧٨٤/١٧٨٥ ز لە لایەن سەعید عەبدوللا موکریەوە نووسراوەتەوە(٤) . لە هەندێ سەرچاوەی کۆنی دیدا هەمان دیاردەی بەکارهێنانی نیگاری (ە ، ی ، و) دەبینرێ ، بەوێنە: لە « عاداتو رسومات نامەی اکرادیە »ی مەلا مەحموودی بایەزیدیدا(٥) ، بڕوانە : (ل ١٩٧ ، د٣ ـ « نەبویە »)، (ل١٩٩، د٤ ـ « زیدە ») ، (ل ٢٠٢ ، د٦ ـ « بونە ») ...(ل١٩٨، د٣ ـ « مروڤکی ») ، (ل ١٩٨ ، د٩ ـ «کسکی »)، (ل٢٠١ ، د٦ـ « بابکی ») ... (ل١٩٦ ، د٢ ـ « کوردی »)، (ل٢٠١، د١٢ ـ «کورد») ، (ل٢٠٢ ، د٨ـ « کوردستان ») .. هەروەها لە گۆڤاری « کوردستان »دا(٦) ، بڕوانە : (ژا ، ل١ ، س١(٧) د٦ و ٧ ـ « چە دبە نابە ») ، (ژا، ل٢، س١، د١٣ـ « نەخونە ») ، (ژا ، ل٣ ، س ٢ ، د ٢٣ ـ « امرکرنە ») ... (ژا ، ل١ ، س٢ ، د٤ ـ « جریدەکی ») ، (ژا،ل٣،س١، د٨ ـ «صنعتکی») ، (ژ٢٣ ، ل٢، س١ ، د٢٦ـ «روژکی»)... (ژا ، ل٤ ، س٢ ، د٥ ـ «توجارا ») ، (ژا ، ل٤ ، س٢،د٩ـ « کوشتن ») ، (ژ٢٣ ، ل١ ، س١ ، د١٥ ـ « چونکە »)... هتد .

شایانی باسە ،ئەم دیاردەیە ـ واتە نووسینی (ە)و (ی)و (و) لەجیاتی سەرو ژێرو بۆر ـ کە لە دەستنووسو چاپەمەنی زووی کوردیدا ناوەناوە ڕەچاوکراوە ، لە ڕۆژنامەی«تێگەیشتنی ڕاستی »دا(٨)باش پەرەی سەندووە ئەگەر چی ئەمە وەك کارێکی سەرەتایی هەموو وشەکانی نەگرتۆتەوەو گەلێك وشە هەر لەسەر شێوەی کۆن نووسراون ، بەڵام لە گشت لاپەڕەیەکدا چەندین نموونەی جوانو لەبار دەبینرێ . بۆ پێسەلماندنی ئەو وشانە هەر لە لاپەڕە (١)ی ژمارە (١)ەوە وا چەندین نموونە دەخەینە پێش چاو : (د٦ و ٧ ـ « تاقیکردنەوە »)، (د٨ ـ « هەمیشە ») ، (د ٩ـ « امیدەکەین ») ... (د٢ ـ « تیگەیشتنی راستی ») ، (د٣ـ « اقوامی عالم ») ، (د١٠ ـ « چاکەی حکومەتی بەریتانیا ») ... (د٧ـ « کورد » ، (د١٣ـ کوشتن ») ... هتد .

سەرەڕای پەرەسەندنی دیاردەی بەکارهێنانی (ە)و (ی)و (و) لە بریتی سەرو ژێرو بۆر لە « تێگەیشتنی ڕاستی »دا ، هەروەها پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین ، کە ئەو ڕۆژنامەیە یەکەمین چاپەمەنی کوردییە بە نووسین پەنجە بۆ ئەو پێویستییە ڕابکێشێو لەبارەی بایەخو کەڵکییەوە بدوێو لە ژێر سەرباسی « بعض اصطلاحاتی کوردی » دا بڵێ:«اوروپاییە بو خویندنی نووسینی زمانی شرقیەکان زور مشکلاتدەکیشن. ایمە لەبر امە کە ام مشکلاتە بەقدر امکان حل بکین امە صالیکە لە نوسینی کوردیدا بە موافقتی فن اثناکان بعض اصطلاحاتمان قبولکرد .

(سر) و (بور) و (ژیر)ی حرفەکان بە (ە) و (و)و (ی) دەنوەسین :

لە باتی کردستان (کوردستان)و لە باتی دکا (دەکا)و لە باتی حکومت کورد (حکومتی کورد) و لە باتی موفقیت اوان (موفقیتی اوان) و همزەش بە (ی) دەنوسین . امە بی شبهە بو چاك خوندنەوەی نوسینی کوردی فائدەی زورە و کلی اصطلاحاتی تریشمان تصورکردوە اوانش الوقتی خویدا نشر دەکین »(٩) (١٠) ، (١١) .

چەند مانگێك دوای ئەو ڕوونکردنەوەیەی ڕۆژنامەی « تێگەیشتنی ڕاستی » ، گۆڤاری « ژین »ی ئەستەموول بە

ناوی « کوردجەحر فلری »یەوە لیستەی ئـــەلفوبێی کوردی بلاوکردموه(١٢) . لەو ئەلفوبێیەدا پیتە بزوێنەکانو پیتــــــە کۆنسۆنانتەکان جیاکرابوونەوەو بۆ یەکەمیان (٨) پیتەو بـــۆ دووەمیان (٣٤) پیت دیاری کرابوون . لە نێو پیتە بزوێنەکاندا نیگاری (ە ، ی ، و) هەیە .

سەرەتای سالی ١٩٢٧یش مامۆستا حســـەین حوزنی موکریانی لە گۆڤاری « زاری کرمانجی »دا لــــەو بــارەیەوە نووسیوێتی : « قاعیدەیەکی کە لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا قبوولکراوە بۆ نووسین ئەمەیە : حرف (ە) عەلامــەتیسەرە، وەکو (اەگەر) و (و) عەلامەتی بورە وەکو (بوت) ، (خوت) ، (رووت) و (ی) عەلامەتی ژێرە وەکو (ایدی) .. »(١٣) .

کتێبی «دەستووری زمانی کوردی » ی مامۆستا تۆفیق وەهبی (١٩٢٩)(١٤)وا چاپکراوە کە لە سەرانسەریدا نیگاری (ە ، ی ، و) لە جێ سەرو ژێرو بۆر دانراوە .

وەك لەسەرەوە نیشانماندا دیاردەی بەکارهێنـــانی پیتی (ە ، ی ، و) بۆ سەرو ژێرو بۆر لــە نووســـــینی کوردیدا نمێژە سەری هەلداوەو ســــەرەڕای ئەوەش مانگی کانوونی دووەمی سالی ١٩١٩ ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی » بــە نووسین پەنجەی بۆ ئەو پێویستییە ڕاکێشاوەو مانگی مایسی ١٩١٩ گۆڤاری « ژین » ی ئەستەموول لە لیستەی پیتــە بزوێنەکاندا نیگاری بۆ دانــاونو سالی ١٩٢٧یش گۆڤاری « زاری کرمانجی » لە ژمارە (٧)یدا ئەو دەستوورەی پەسەند کردووە ــ و مامۆستا تۆفیق وەهبیش سالی ١٩٢٩ لە چاپی کتێبی «دەستووری زمانی کوردی » دا بۆ خوێی چێشتیش ســەرو ژێرو بۆری نەنووسیوە ... کەچی مامۆستا نەریمان کە لە ڕەگو ڕیشـــەی ڕێنووسی کوردی دەدوێ ، مێژووی دێرینی ئەو پیتـانەی نەبینیـــوەو ســـالانی (٣٠)ی بـــەدەمی پەیدابوونیان داناوەو ئەو چەند دێڕەی سالی ١٩٣٣ لەسەر بەرگی کتێبی (خورشیدی خاوەر) لەو بارەیەوە نووسراوە بە « یەکەم بەردی بنـــاغەی » ئـــەو کارە ژمـــاردووەو واش ڕادەگەیەنێ ، لەو کتێبانـــەدا کە (کوردیو مەریوانی) لــە سییەکاندا چاپیانکردبوو « یەکەمین جـارە کــە لە جیـــاتی (بزوێن) لە ڕێنووسی کوردیدا (پیت) بەکار هێنراوەو تـــا ئەمڕۆش پەیڕەوی کراوە بۆیـــە بە بەردی بناغەی ڕێنووس دادەنرێ » (بڕوانــــە : ل ٢٤ــ٢٥) ... بەداخەوە بـــاش وردنەبوونەوەی مامۆســـتا نەریمان لە دەستنووسو چاپەمەنی کوردی بووەتە هۆی هەلەو نادروستی .

دوای ئـــەو پلەیـــە ئـــەوەی لە دەستکاریکـردنی ئـــەو ئەلفوبێیەدا دەبینرێ ، پەیدابوونی نیگاری هـــــەمزەیە : لـــە ژمارە (١٨)ی (گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمولدا ، کە ٨ی مایسی ١٣٣٥ی لەسەر نووســـراوەو کـــە دەکاتە ٨ی مایســـی ١٩١٩ وتارێکی داوەر ئەردەلانی بە ناوی « چۆن بکۆشین ؟ » ەوە هەیە (ل ١٦) و لە نووسینی هەندێ وشـــەدا نیگاری (ئـ)ی بەکارهێناوە ، بەوێنە : (د٨ ــ « ئەمرد ») ، (د١١ ــ « ئەم »)، (د١٣ ــ « « ئەمـــانە »)؛ (د١٤ ــ « ئەکوشین ») ؛ (د٢٠ ــ « ئەمندە »)...(١٦)

شایانی باسەکە ئەم هەنگاوەی داوەر ئەردەلانی کاریکردە سەر هەندێ نووسەری گۆڤاری «ژین» بۆ نموونە یەکسەر لە ژمارەی داهاتوودا ــ واتـــە لە ژمارەی ١٩دا ، ٢٢ی مایسی ١٣٣٥ ك / ١٩١٩ ز ــ ع . ڕەحمی ، کەنووسەرێکی چالاکی ئـــەو گۆڤارە بووو لـــە زۆربـــەی ژمـــارەکانیـــدا بـــەرهـــەمی بلاوکراوەتەوەو لە هیچ یەکێك لە نووسینەکانی بەر لە ژمارەی ١٩دا پیتی (ئـ)ی بەکارنەهێنـــاوە ، کـــەچی ئـــەوەتە ، لـــەو شیعرەیدا کە بە ناوی « لومـــا ژ بلبـــل »ەوە لە لاپەڕە (١٦)ی ژمارەی ناوبراودا چاپی کردووە ، بۆ نووسینی چەند وشەیەك پیتی (ئـ)ی بەکارهێناوە . هەروەها کەمێ دواتریش لەکتێبی « هینکر زیمـــان کوردی » (١٩٢١)دا(١٧) نیگاری (ئـ) زۆر بەرچاو دەکەوێ ، بڕوانــــە : (ل٦ ، د٣ ــ « ئەو ، ئەمە ») ؛ (ل١٧ ، د٤ ــ « ئەوان ») ؛ (ل١٩ ، د٣ ــ « ئەموست »)... لە کتێبێ « کۆمەلە شـــــیعری حـــاجی قادری کۆیی »دا (١٩٢٥)(١٨) ، (ئـ) تـــا ڕادەیەك بەکارهـــاتووە ، بۆ نموونـــە بڕوانە : (ل٣ ، د١١ــ « ئەمش ») ؛ (ل٣ ، د١٠ ــ « ئەوی ») ؛ (ل٣ ، د١١ ــ « ئەخواست ، ئەم ») ... لە کتێبی «ڕەووشتو خوو » دا (١٩٢٧)(١٩) ، (ئـ) پتر ڕەچـــاوکراوە ، بۆ نموونە بڕوانە : (ل١ ، د٤ ــ « ئـــەوی ، ئـــەگەر ») ؛ (ل١ ، د٧ ــ « ئەکەیت ») ، (٤ ، د٧ ــ « دائەمێنێ ») ... لەگـــــەل ئەوەشدا هەندێ کتێبی ئـــەوتۆ هـــەن کە دوای ئـــەوانـــەی باسمانکردن ، چاپکراونو کەچی (ئـ) یان تێدا بەدی ناکرێ، وەك : «پێشوای آیین »(١٩٢٧)(٢٠) ... بەلام ئەمە هیچ لە مەسەلەی سەرەتای پەیدابوونی ئەو نیگارە ناگۆڕێ ... بەڕاستی جێێ سەرنجو داخە ، کە باسی ئەم دیاردە گرنگەی ڕێنووسی کوردی بە هیچ چـــەشنێك لە کتێبی « ڕێنووسی کوردی لە ڕەگو ڕیشـــەوە » دا نابینرێ.

نیگارێکی نوێی دی دوو واو نووسینە بۆ دەنگی بزوێنی

û . ئەم وێنەیە لە کتێبی « کۆمەلە شیعری حاجی قادری کۆیی »(٢١) و « قانوونی هەلبژاردن » دا (٢٢) ، کە هەردووکیان لە سالی ١٩٢٥دا بلاوکراونەتەوە ، دەبینرێ . بۆ نموونە لە کتێبی یەکەمـــدا ، بڕوانە : (ل٣ ، د٢ ــ « دوو ») ؛ (ل٣ ، د١٢ ــ تـــاوەکـــوو ») ؛ (ل١ ، د١٦ ــ « دوور ») ... لە کتێبی دووەمدا ، بڕوانە : (ل ١ ، د٥ ــ « قانوون ») ؛

(ل٢ ، د٤ــ« محكووم ») ؛ (ل٢، دوادێرـــ« دووهەمینیش»)‌.. دواتریش لــه كتێبی « ڕەووشـــتو خـــوو»دا (١٩٢٧)(٢٣) بەكارهاتووه . بۆنموونه ، بڕوانه : (ل٧٠ ، د٩ ــ «توورەیی»)؛ (ل٧٠ ، د١٤ ــ « سووك ») ؛ (ل١٢٠ ، د٩ ــ «٠ دوو »)... بەڵێ جێی ڕەخنەیە ، كه مامۆسـتا نەریمان به هیچ كلۆجێك له بارەی پەیدابوونی ئەو پیتەوه نەدواوه .

بێ‌گومان باس‌نەكردن‌و ناو نەبردنی دەوری مـــامۆستا سەعید صدقی كابان كەلێنێكی گەورەیە له كتێبی « ڕێنووسی كوردی له ڕەگ‌و ڕیشەوه » دا . نووســـەر دەبوو هیچ نەبێ ئەوه یادداشت بكات ، كه له لاپەڕه (٤)ی كتێبی « مختصر صرف‌و نحـــوی كـــوردی »دا(٢٤) نووسراوه : « دەبێ بزانین ئەو حەرفه هیجایانەی كه له كوردیدا لــه عـــەمەل دێنرێن‌و كەلیمەیان لێ دروست دەبێ چەندن‌و چین ؟ . ئەو حەرفانه (٢٨) حەرفی هیجای عـــەرەبی و (٨) حەرفی ترن كه غەیره عەرەبین‌و ئەمەنەن : (پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ ، ڵ ، ۆ ، ێ)(٢٥) كەوابوو حەرفانی هیجـــای كوردی (٣٦) حەرفن »(٢٦) ... ئەو هەشت حەرفانەی كه عەرەبی نین شكڵێكی جوێیان نییه ، ئەمما بەعضێكیان به نوقطه زیادو بەعضێكیان یا به تێ‌فكرینێكی كەم‌و یا به دانانی (٧) لەسەریان جوێ دەكرێنەوه . ئەوانەی كه به نوقطەی زیاد جوێ دەكرێنەوه حەرفانی (پ ، چ، ژ ، ڤ، ڵ) كه بەسێ نوقطه له (ب ، ج ، ز ، ف ، ل) و ئەوانەی كه به تێ‌فكرینێكی كەم یا به ئیشارەتی (٧) جوێ دەكرێنەوه (و) ی كـــراوه ، (ی) ی خـــواره لــــه (و) ی گوشراو و (ی) ی ڕاســـت جوێ دەكرێتەوه »(٢٧)

ئەگەرچی لەو هەشت پیته ناعەرەبییەی مامۆستا سەعید صدقی لێیان دواوه (پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ) زۆر بـــەر لـــەو بەكارهێنراون . لامی قەڵەویش له ساڵی ١٩١٩دا نیشانەی بۆ دانراوه . بـــەو پێیه دەمێنێتەوه (ێ) و (ۆ) . هەرچی ئەو دوو پیتەیە ، ڕەنگه زانایانی ساڵانی بیست له نێو خۆیاندا قسەیان لێوه كردبێ ، بەڵام ئەمه ڕێگه لەو ڕاستی‌یە ناگرێ ، كه به نووسین‌و لەسەر لاپەڕەی كتێب بۆ یەكەم جار له لایەن مامۆستا سەعید صدقی‌یەوه باس‌كراوەو نیشان دراوه ... كەچی مامۆستا نەریمان نەك هـــەر باسی نەكردووه ، بەڵكو ناویشی نەبردوه .

له كتێبی « ڕێنووسی كوردی لـــه ڕەگ‌و ڕیشـــەوه » دا باسی ئەو بایەخه تـــایبەتی‌یەی چـــارەسەركردنی ڕێنووسی كوردی نەكراوه ، كه له سەرەتای سەدەی بیستەمدا (كۆمەڵەی گشتی كـــردنی خوێنـــدەواری‌و چـــاككـــردنی ڕێنووس) و (كۆمەڵەی هیڤی) داویانه . ئەو بەرهەمـــەی لەم بارەیەوه هێنابوویانه ئەنجام ، ئەلفوبێ‌یەك بوو لەســـەر بناغەی پیتەكانی عەرەبی‌و هەشت پیتی نوێیان بۆ زیادكردبوو . پیتەكانی ئەم ڕێنووسه به یەكەوه نەدەلكان . پیته نوێ پێشنیاركراوەكانیش سەرو بۆرو ژێرو ئەلف‌و واوی كراوەو واوی درێژو یێی لارو دیفتۆنگی (وێ) بوون ، كه نیگارەكانیان شێوەیەكی تایبەتییان هەبوو وەك ئەوانه نەبوون ، كه له نووسینی ئەمڕۆی كوردیدا هەن . جا هۆ هەرچییەك بووبێ ئەم ڕێنووسه پەرەی نەسەند.

دەربـــارەی كێشـــەی نـــووسینـــی كـــوردی‌و ڕێگـــەی چارەسەركردنی‌و پێویـــستی گرنگی پێدانی‌و خـــستنه پێش‌چاوی ئەو ئەلفوبێ نوێیه له ژماره (٣)ی گۆڤاری « ڕۆژی كورد » دا به زمانی توركی وتارێك بەناوی « پیتەكانمـــان‌و ئاسانكردنی خوێندنەوه » ەوه بڵاوكراوەتەوه(٢٨) . بەدوا ئەو وتارەشدا نامەیەك چاپكراوه ، كه كۆمەڵەی گشتی كردنی خوێندەواری‌و ڕێنووس بۆ گۆڤاری « ڕۆژی كورد » یان ناردووه(٢٩) .

له كتێبی ناوبراوی مامۆستـــا نەریمـــاندا ئەو هـــەوڵه گرنگانەش بەرچاو ناكەون ، كه لـــه خوارەوه پەنجەیـــان بۆ ڕادەكێشین :

١ ــ ئەوەی له بەشێكی زۆری ژمارەكانی گۆڤاری «دیاری كوردستان » (١٩٢٥ ــ ١٩٢٦) دا سەبارەت به گیروگرفتی نەبوونی وێنەی هەندێ دەنگی كوردی له ئەلفوبێی عەرەبیداو هەوڵی چارەسەركردنی‌و هەروەها بیروڕا له بارەی نووسینی كوردییەوه به لاتینی ، ژمارەیەك ، وتار بڵاوكراوەتەوه ، كه وتاری مامۆستایان : تۆفیق وەهبی(٣٠) ، حەقی شاوەیس(٣١)، پیرۆت)(٣٢) ، حەسەن

كوردستانی(٣٣)... لەنێوانیاندا دیارن

٢ ــ له ژمارەكانی ساڵی (١)ی گۆڤاری (هیوا)دا كۆمەڵێك وتار سەبارەت به ڕێنووسی كوردی دەبینرێ . به وێنـــــه مامۆستا (ب.) بەناوی « چۆن زمانەكـــەمان بنووسین » ەوه زنجیرەیەك وتاری نووسیوه(٣٤)و دەربارەی جۆری لێكۆڵینەوەی ڕێنووسی كوردی تیایاندا دواوەو باسی ئەو مەرجانەی كردووه كه دەبێ له چاكترین ئەلفوبێدا هەبن . دوای لێكۆڵینەوه لـــــه نووسین به پیتی عەرەبی‌و لاتینی ، به بەڵگەی ڕاست‌و زانستی ئەوەی نیشان‌داوه كه ئەلفوبێی لاتینی لەگەڵ زمانی كوردیدا پتر دەگونجێ .. مامۆستا (ب.) له ژماره (٩)یشدا ، بەنـــاوی « فرمانی ئێستەمان » ەوه وتارێكی بڵاوكردۆتەوه(٣٥) و باســـی پەیدابوونی چوكلەو پیت‌و داڕشتنیانی تێدا كردووەو ئـــەو قۆرتانەشی نیشان‌داوه كه له ڕێنووسی كـــوردیدا هەن‌و له بارەی ئەو فرمانانەشەوه دواوه كه سەر شانی خوێندەوارانن.. مامۆستا فوئاد زەكی هەناری له ژماره (٧)دا باسی ئەو (د)ه دەكا كه له ناوچەی سلێمانی كلۆردەكرێ‌و نیشانی دەدا كه ئەمه

-یێ له زمانی ئەدەبیدا ڕەنگ بداتەوە(٢٦). له ژمـاره (٨)دا مامۆستا م.م. دەربارەی وێنەی هەندێ دەنگ‌و نووســـینی هەندێ وشه چەند پێشنیارێکی کردووه(٢٧) . له ژماره (١٠)دا مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی موناقەشەی ڕای نووسین بــــه عەرەبی‌و لاتینی دەکاو لەو دەنگانه دەدوێ کـــــه نیگاریـــان نەبوێ(٢٨) .

٣ ــ له گۆڤاری « ڕۆژی نوێ » شدا هەندێ وتـــــار بڵاوکراوەتەوە . بۆ نموونه : له ژماره (٦ ، ٨ ، ١١) ی سالی (١) دا مامۆستا مارف خەزنەدار زنجـیرەیەك وتــــــاری بڵاوکردۆتەوە(٣٩) و سەبارەت به نووسینی هەندێ پیت‌و وشەو ئامراز دواوه ، مامۆستا عەلائەدین سەجادی له ژماره (١٢)ی سالی (١)دا باسی دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی کردووه(٤٠). له هەمان ژمارەدا مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی بـــه نـــاوی « ڕاستکردنەوە » وه وتارێکی نووسیوه(٤١)و بیروڕای خۆی بەرانبەر هەندێ نووسین ، بەتایبەتی وتاری ناوبراوی مامۆستا خەزنەدار ، تێدا دەربڕیوه . له ژماره (٣)ی ســالی (٢)دا مامۆستا طاهر صادق ڕای سەبارەت به نووسینی وشــــەی داڕێژراوو لێکدراوو وشەی کۆتایی هاتوو به (ی) له دۆخی ئیزافەداو واوی پێوەندی .. نیشان داوه(٤٢) . له ژماره (٦)ی هەمان سالیشدا مامۆستا شێخ حەسەن بەناوی«(ی)ی ئیزافەو (واو)ی عەتف »ەوە وتارێکی بڵاوکردۆتەوە(٤٣) .

٤ ــ نامیلکەی « بەرگی ئیملای کوردی »ی مامۆســــتا مەعرووف جیاوك(٤٤) و نامیلکەی « دەستووری نووسینی زمانی کوردی به پیتی عەرەبی »ی مامۆستا ا.ب هەوری(٤٥) .

٥ ــ ئەو وتاره دیارانەی له گۆڤارو ڕۆژنامه کوردیەکانی نێوان سالانی ٧٠ ــ ٨٠دا لەبارەی ڕێنووســــی کوردیەوه بڵاوکراونەتەوە. بەوێنه : «گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی»(٤٦)، « ڕێنووسی کۆڕ »(٤٧) ، « چەند سەرنجێکی زمانەوانی »(٤٨)، « جارێکی تریش پیتەکانی کوردی »(٤٩) ، « ڕێنووس پەیڕەوی زمانناسی بکا باشه »(٥٠) ، « دواوانێك بـــۆ ڕێنووســــی کوردی »(٥١) ، « ڕێنووسی کوردی‌و چەند هەڵوێستێك»(٥٢) .. هتد ..و گەلێکی‌تر .

مامۆستا نەریمان نەك هــەر باش لەو نامیلکەو کتێبـــانه دەربارەی نووسینی کوردی به ئەلفوبێی لاتینی بڵاوکراونەتەوە، نەدواوه ، بەڵکو تەنانەت ژمارەیەك کاری دیارو بـــەنرخیش هەن ، ناویشی نەبردوون ، به وێنه :

١ ــ سالی ١٩٢٠ محەمەد زەکی ئەفەندی‌و میرزا محەمەد باشقه که مامۆستایانی قوتابخانەی حکومەتی سلێمانی بوون‌و به هاریکاری ی.ب. سۆن‌و و.ج. فاریلل به ناوی « قەرائەتی کوردی » یەوە نامیلکەیەکی (٣٤) لاپەڕەیان بڵاوکردەوە(٥٢) . لەم نامیلکەیەدا باسی ئەلفوبێی کوردیان کردووەو لــه بارەی نووسینی کوردی به لاتینی دواون .

٢ ــ سالی ١٩٥٧ مامۆستا جەمال نەبەز بەناوی «نووسینی کوردی بەلاتینی » یەوە نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە(٥٤) ، کــــــه پێوەندی به ڕێنووسی کوردیەوه هەیەو به شێوەیەکی زانستی له چۆنیەتی نووسینی کوردی به لاتینی دواوه .

٣ ــ چەند نامیلکەیەکی جەلادەت عالی بەدرخان ، وەك : « ڕێزانا ئەلفـابێ‌یا کوردی »(٥٥) ، « ڕووپەلنـــــــــەن ئەلفابێ »(٥٦) .. و عوسمان صەبری ، وەك : « ئەلفبێ‌یـــــا کوردی »(٥٧) .. و هەندێکی‌تر .

بەمەدا وا دەردەکەوێ ، که مامۆستا نەریمان ئاگاداری زۆربەی ئەو سەرچاوانه نییه کــــه لـــه مەسەلەی مێژووی ڕێنووسی کوردیدا دەوری گرنگیان بینیوه .. ئەوەی پتریش جێی سەرنج‌بێ ئەوەیه ، تەنانەت لەو نووسینانەش که باســـی کردوون باش وردنەبووەتەوەو کاتێ **لەبارەیانەوە دەدوێ چەندین** هەڵەی کردووه ، بۆ نموونه :

١ ــ لەباسی ئەو وێنانەدا که مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆ دەنگه بزوێنەکان وکۆنسۆنانتەکانی داناوه :

ا ــ مامۆستا نەریمان وای نیشانداوه ، که مامۆســــتا وەهبی بۆ کێشانی وێنەی دەنگی (ۆ ــ O) ، حەوتێکی لەسەر پیتی واو داناوه .. تەماشـــاکردنێکی ســـــەرپێیی کتێبی « دەستووری زمانی کوردی » ئەوه دەردەخا که مامۆستا وەهبی نەك هەر بۆ ئەو جۆره واوه ، بەڵکو بۆ هیچ چەشـــــنه واوێك حەوتی بەکارنەهێناوه . هەرچی نیگاری واوی کراوەشه لای مامۆستا وهبی به (واوێکی کەشیده لەسەر) دەنووسرێ.

ب ــ مامۆستا وەهبی دوو واوی کردۆته وێنەی دەنگی بزوێنی (وو ــ Ū)ی درێژ ، کەچی مامۆستا نەریمان دەڵێ ، (واو کەشیدەیەك لەسەری) کردۆته نیگاری ئەو دەنگه .

ج ــ مامۆستا نەریمان نەباسی ئەوەی کردووه ، کــــه مامۆستا وەهبی دوو (ی)ی بۆ دەنگی بزوێنی (ی)ی تیـــــژ پەسەندکردووەو نه لەوە دواوه که بۆ نیشاندانی دەنگی (ڵ) خاڵێکی لەسەر (ل) داناوه .

د ــ نووسەری کتێبی « ڕێنووسی کوردی لـــه ڕەگ‌و ڕیشەوە » کاتێ دەربارەی جیاکردنەوەی (ر) و (ڕ) دەدوێ له کتێبی « دەستووری زمانی کوردی »دا ، هەڵەیەکی گەورەی

کردووه کە بە (ڕ) ی قەڵەوی وتووە : « (ر)ی گیرەدار (مشدد) » (ل ٢٠) .

٢ ـ لە باسی نیگارە نوێکانی ڕێنووسی مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی باباندا .

ا ـ مامۆستا نەریمان نووسیوێتی ، کە مامۆستا مەلا ڕەشید « لە ژێر (ڕێی قەڵەو) نیشانەیەکی داناوە » (ل١٩). وێڕای ئەوەی نووسەر دیارینەکردووە کە ئەو نیشانەیە چییە ـ چوکلەیەیان خاڵە .. هەروەها واڤیعەکەشی بە هەڵەوگێڕاوی خستۆتە پێش چاو . ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نیشانەکە خاڵەو خاڵەکەش بۆ دەنگی (ر)ی لاوازە نەك قەڵەو .

ب ـ مامۆستا نەریمان بە هیچ جۆرێك ناوی ئەوەی نەبردووە ، کە مامۆستا مەلا ڕەشید بۆ (ی) درێژ کەشیدەیەکی لە ژێر (ی)دا داناوە ..

٣ ـ لەباسی کتێبی « زمانی یەکگرتووی کوردی »ی د. نەبەزدا .

د. جەمال نەبەز کاتێ باسی گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەکات ، زۆر ڕاست بۆ ئەوە چووە کە ئەو ئەلفوبێیە : « هەرچی چۆنێك دەسکاری بکرێ ، هێشتا گەلێك ناتەواوی تێدا دەمێنێ »(٥٨) . یەکێکیش لە نموونەی ناتەواوییەکانی کە پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە ، ئەوەیە کە : «تیپی دەنگداری وونبوو (واتا ژێری کورت یا بزرۆکە ـ تۆفیق وەهبی وتەنی ـ بەم ئەلفوبێیە نانووسرێ »(٥٩) .. کەچی مامۆستا نەریمان وانیشان دەدات کە گوایا د. نەبەز « داوا ئەکات ، ئەلێت : لە نووسینی کوردیدا نابێت (ژێری گوشراو ـ کسرة مختلفة) بنووسرێت چونکە بریتییە لە دەنگێکی زۆر کورت » (ل ٥) . ئەگەر مامۆستا نەریمان باش نووسینەکەی د. نەبەزی بخوێندایەتەوە ، تووشی ئەو هەڵەیە نەدەبووو ڕای ڕاستو دروستی نووسەری کتێبی « زمانی یەکگرتووی نەدەشێواند .. یەکێك کە نەبوونو چارەسەرنەکردنی وێنەی کورتە بزوێنی (أ) لە ئەلفوبێی عەرەبیدا بە گیروگرفت دابنێ، ئیتر چۆن نووسینی بە پێویست نازانێ ؟

٤ ـ باسی چوکلەی (ر)ی قەڵەو.

مامۆستا نەریمان کاتێ لە پەیدابوونی نیگاری (ر ـ چوکلەیەك لەسەری) دەدوێ ، دەڵێ : « (قادری فەتتاحی قاضی) یەکەم کەس بووە کە حەوتی لەژێر (ڕێی گیرەدار)ەوە لە خوارەوە بردوەتە سەرەوەیو چەند کتێبێکی خۆی بەم چەشنە چاپکردووە » (ل ٣٤) .. بەر لە هەرشت ئەگەر تەماشای مێژووی پەیدابوونی پیتی (ر)ی قەڵەو بکەین ، دەبینین لە پێشدا چوکلەی لەسەرەوە بۆ دانراوەو دوایی هێنراوەتە خوارەوە(٦٠) ، نەك مامۆستا نەریمان وتەنی کە بە پێچەوانەوە دەڵێ : « ... لە خوارەوە بردۆتە سەرێ » ... هەرچی یەکەم کەسیشە ، کە کتێبی بەو جۆرە چاپکردووە قادری فەتتاحی قازی نییەو مامۆستا عەلائەدین سەجادییە. مامۆستا سەجادی ساڵی ١٩٥٣ لە کتێبی « ناوی کوردی » دا ئەو پیتەی بەکارهێناوەو قادری فەتتاحی قازی سیازدە ساڵ دوای ئەو بەکاری هێناوە .

٥ ـ باسی نووسینی واوی پێوەندی .

مامۆستا نەریمان بەجیا نووسینی واوی پێوەندی بەکاری کۆڕی زانیاری کورد داناوە ، بەڵام ئەگەر تەماشای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢)ی گۆڤاری « ڕۆژی نوێ »ی بکردایە ، ئەوە بۆی دەردەکەوت کە مامۆستا شێخ حەسەن دوازدە ساڵ بەر لە کۆڕی زانیاری بە بەڵگەی ڕاستو زانستییەوە ئەوەی تۆمارکردووەو(٦١) ... هەندێکی تر .

وێڕای ئەو هەموو هەڵەو نادروستیو ناتەواویو کەمو کورتیانەی لێیان دوام ، هەروەها لەگەڵێ شوێندا سادەو ساکاری دەبینرێ . بە وێنە :

کاتێ باسی هەر جۆرە نووسینێك دەکات بەزۆری هەر نیشاندانێکی سەرپێیی بێبەڵگەو بێنموونەیە . خۆ ئەگەر ناو بەناو یەکێکیانی هەڵسەنگاندبێ ، ئەوە بە دوو سێ دێڕی ساکار بڕیویەتییەوە .. ئەوەی لە ڕووی سادەو ساکاریی کتێبی « ڕێنووسی کوردی لە ڕەگو ڕیشەوە » تەواو جێی ڕەخنەبێ ، ئەوەیە کاتێ لە کۆتاییدا (ل ٥٥ ـ ٥٦) باسی گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی دەکات هەشت خاڵی ئێجگار سەرپێیی دیاری کردووە .. ئەوەی کەمێ ئاگاداری ڕێنووسی کوردیبێت ، دەزانێ کۆسپو گیروگرفت هێندە زۆرن ، کە بیرو قەڵەمو دەست ماندوو دەکەن .

من بەش بەحاڵی خۆم گلەیی زۆرم لەو جۆرە سادەو ساکاریانەی نووسەر نییە ، بەڵام نەك هەر گلەیی ، بەڵکو لۆمەشی دەکەم ، کە لە هەندێ باسدا حوکمی هەڵەو چەوت دەدات ... بەوێنە ، کاتێ باسی ئەلفوبێی لاتینی دەکات لای تورکەکان ، دەڵێ کە مستەفا کەمال « مەبەستی لەم هەنگاوە پشت هەڵکردن بوو لە پیتی عەرەبیو ئاینی ئیسلامو خۆ

تریك‌کردنەوەبوو لە ئەورووپاوە . وە بە زۆری کوتەك پیتی لاتینی سەپاندە سەر دانیشتوانی تورکیا » (ل ٢١) ..

مامۆستا نەریمان وێرای ئەوەی ویستویەتی بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی لەرێی لە خواترسی‌یەوە لەپێش چاوی خەڵك خت ، هەروەها هەوڵی‌داوە نابەدڵی چەند کەسێکیشی بۆ کتە بەڵگەی خراپی‌و نالەباری‌و بڵێ : « لەم دواییەدا چەند ورکێکی ئەو وڵاتەم بینی دڵیان بۆ پیتی (عەرەبی) لێ‌ئەداو لاتینیان بەدڵ نەبوو چاریشیان ناچار بوو ، لە دەم کربەدەستێکی کوردم بیست کە وەزیرێکی تورك تا ئێستاش ڕۆژ شتی خۆی بە پیتی عەرەبی ئەنووسێت‌و بە تەواوەتی

ەیویستوە فێرە لاتینی بێت » (پەراوێزی ژ ٣ ، ل ٦١–٦٢) ..بەڵێ ئەم باسە لێکۆڵینەوەی قووڵ‌و دوورو درێژی دەوێ‌و ێرەدا جێی نابێتەوە .. جا بەداخەوە هەر ئەوەندەم پێ دەوترێ ، کەبڵێم نە زانست‌و نە ڕاستی لەگەڵ ئەم حوکمەی مامۆستا نەریماندا نین ..

ئەو هەموو هەڵەو چەوتی‌یە ، ئەو هەموو ناتەواوی‌و کەم‌و کورتی‌یە ، ئەوهەموو سادەو ساکاری‌یەی باسم‌کردن ، تەنیا بەشێکن لەوەی توانیومە دەریان برم ... بەردەوامی‌ی ئەم لێدوانە ئاو زۆر دەکێشی‌و ناچار کۆتایی پێ‌دێنم .. بەڵام بەر لە کۆتایی سەرنجێکی گرنگ لە بارەی ناوو ناوەروکی کتێبەکەوە هەیە ، بە پێویستی دەزانم ، بیخەمە پێش چاو :

کتێبێك کە ناوێکی فراوانی وەك : « ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ‌و ڕیشەوە»ی هەبێ پێویست‌بوو لەو جۆرە نووسینەوە دەست‌پێ‌بکات ، کە کورد لە سەرەتای پەیدابوونی‌یەوە بەکاری هێناوەو دوایی لە وەرگرتنی ئاینی ئیسلام‌و ئەلفوبێی عەرەبی‌یەوەو ئنجا بەکارهێنانی لاتینی‌و سلاڤی‌و ئەرمەنی ..

وەك دەزانین لە بارەی نووسینی کوردیەوە بەر لە ئیسلام زانست شتێکی ئەوتۆی لێ ئاشکرانییەو مامۆستا نەریمانیش بە هیچ جۆرێك خۆی لەو دەورە نەگەیاندووە .. لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامیشەوە تا ئەم دوو سێ سەدەیەی دوایی لە قسەی ڕووت بەولاوە هیچ بەڵگەیەکی ماددی نییەو نووسەری کتێبی « ڕێنووسی کوردی لەڕەگ‌و ڕیشەوە»یش جگە لە یەك دوو قسەی سەرپێیی ، بەڵگەی نووسراوی تێکستەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدین ، کە تەمەنیان ١٥٠ ساڵێك دەبێ ... جگە لە ئەلفوبێی عەرەبی‌و لاتینی کورد هەندێ ئەلفوبێی تری وەك سلاڤی‌و ئەرمەنیشی بەکارهێناوەو مامۆستا نەریمان هەر ناویشی نەبردوون ... هەرچی ئەو کارانەشە کە بە ئەلفوبێی عەرەبی‌و لاتینین بەشێکی زۆریانی یادداشت نەکردووە جا ئیتر ئەو ناوە گەورەو فراوانە چۆن لەگەڵ ئەو ناوەرۆکە

کەم‌و کورتەدا ڕێك دەکەوێ ؟

پەراوێزەکان

١ ــ مستەفا نەریمان ، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ‌و ڕیشەوە، بەغدا ، ١٩٨١ .

٢ ــ ضیاءالدین باشا الخالدی المقدسی ، الهدیة الحمیدیة فی اللغة الکردیة ، ١٣١٠ هـ .

(3) O. Fossum, A practical Kurdish grammar, Minnea-

٤ ــ بۆ زانستی زیاتر لەم بارەوە ، بڕوانە :

ا ــ د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، کورتەیەکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ــ دەستەی کورد » ، ب ٢٨ بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٧٠ .

ب ــ مەلا محەمەدی سیوچی ، تذکرة العوام یان بەیتی ئەووەڵ‌و ئاخر (لێکۆڵینەوەی : محەمەد عەلی قەرەداغی ، سلێمانی ، ١٩٧٩ ، ل ٩–١٢).

٥ ــ م. ب. ڕودێنکۆ ، « عادات‌و رسومات نامەی اکرادیە»ی مەلا مەحموودی بایەزیدی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ .

٦ ــ «کوردستان» یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨–١٩٠٢، کۆکردنەوەو پێشەکی : د. کەمال فوئاد ، بەغدا، ١٩٧٢.

٧ ــ س = ستوون .

٨ ــ «تێگەیشتنی ڕاستی » ، بەغدا ، ١٩١٨ ــ ١٩١٩ ، (بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو لە بارەی ئەو ڕۆژنامەیەوە ، بڕوانە:د.کەمال مەزهەر ، تێگەیشتنی ڕاستی‌و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٨ .

٩ ــ بە هیچ چەشنێك دەستکاری ڕێنووس‌و هەڵەی چاپ‌و شێوازی ئەم نموونەیەو هەندێ نموونەی ترم نەکردووە، کە لە (تێگەیشتنی ڕاستی) یان چاپەمەنی‌یەکی دی کۆندا هێناومنەتەوە .

١٠ــ « تێگەیشتنی ڕاستی » ، ژ ٦٣ ، ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ ، ل١ .

١١ــ شایانی باسە، د. کەمال مەزهەر دەربارەی ئەو هەنگاوەی « تێگەیشتنی ڕاستی » دواوەو لێی کۆلیوەتەوە ، بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، تێگەیشتنی ڕاستی‌و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ل ١٥١ ــ ١٥٢ .

١٢ــ گۆڤاری « ژین »ی ئەستەموول ، ژ ١٨ ، ٨ی مایسی

١٣٣٥ ـ ٨ی مایسی ١٩١٩ . (ئەو ئەلفوبێیە لە ژمارەکانی دواتریشدا . بلاوکراوەتەوە . بەدوا ژمارە ١٨دا من تەنیا ژمارە ١٩ و ٢١ م بینیوەو لە هەردووکیاندا هەیە .

١٤ـ گۆڤاری « زاری کرمانجی » ، ژ ٧ ؛ ڕەواندز ، ٣ی کانوونی دووەم ، ١٩٢٧ ، ل ٢٨ .

١٥ـ تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ .

١٦ـ ئەو داوەر ئەردەلانی‌یەی لە ژمارە (١٨)ی گۆڤاری «ژین»دا ، کە ڕێکەونی ٨ی مایسی ١٣٣٥ دەکات، لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری « کوردستان » یشدا ، کە هەر دیسان لە (٨)ی مایسی ١٣٣٥ دا دەرچووە ، وتارێکی بەناوی « هێشتا نووستوین » ەوە بلاوکردۆتەوەو لێرەشدا هەروەها پیتی (ئـ)ی بەکارهێناوە .

١٧ـ نشریات هیوی جوانا طلبه کوردان ، هینکر زیمان کوردی ، چاپخانەی نجم استقبال ، باب عالی ، ابو السعود ، ١٩٢١ .

١٨ـ عەبدولڕەحمان سەعید ؛ کۆمەلە شیعری حاجی قادری کۆیی ، بەغدا ، ١٩٢٥ .

١٩ـ لاوانی کورد ، ڕەووشتو خوو ، بەغدا ، ١٩٢٧ .

٢٠ـ حسێن حوزنی موکریانی، پێشوای آیین ، ڕەواندز ، ١٩٢٧ .

٢١ـ سەرچاوەی ناوبراو ، عەبدولڕەحمان سەعید ، کۆمەلە شیعری حاجی قادری کۆیی .

٢٢ـ قانوونی هەلبژاردن ، بەغدا ، ١٩٢٥ .

٢٣ـ سەرچاوەی ناوبراو ، لاوانی کورد ، ڕەووشتو خوو .

٢٤ـ سەعید صدقی ، مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا، ١٩٢٨ .

٢٥ـ هەرچەندە لێرەدا نووسەر چوکلەی لەسەر (ۆ) و (ێ) دانەناوە ، بەلام دوو دێڕ خوارتر کە تێکڕای پیتەکانی ڕیزکردووە ، نەك چوکلە ، بەلکو ژمارەی (٧)ی لەسەر (ۆ) و (ێ) داناوە . بێگومان ئەمەش هۆی نەبوونی ئەو نیشانانە بوون لە چاپخانە ، هەر بۆیەش لە سەرپاکی کتێبەکەدا نەسێ خالی سەر (ل) و نە چوکلەی سەر (و) و (ی) نابینرێ .

٢٦ـ سەرچاوەی ناوبراو ، سەعید صدقی ، مختصر صرفو نحوی کوردی ، ل ٣ .

٢٧ـ هەمان سەرچاوە ، ل ٤ .

٢٨ـ م . ص . آزیزی ، حروفمزو تسهیل قرائت ، گۆڤاری ڕۆژی کورد ، ژ ٢ ، ئەستەموول ، ٦ی تەمووزی ١٣٢٩ك ١٩١٣ ز ، ل ١٢ ـ ١٣ .

٢٩ـ (تعمیم معارف و اصلاح حروف) جمعیت محترمەسی طرفندن وارد اولمشدر : روژکرد مجموعەسی مدیریت علیه سنه ، گۆڤاری « ڕۆژی کورد » ، ژ٢ ، ئەستەموول، ٦ ی تەمووزی ١٣٢٩ ك ، ١٩١٣ز ، ل ١٣ ـ ١٦ .

٣٠ـ تۆفیق وەهبی ، کوردییەکەمان بە چۆن حرووفێكو چۆن بنووسین ، گۆڤاری « دیاری کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٢ مایسی ١٩٢٥ ، ل ٥ ـ ٦ ، بەشی دووەم ، ژ ٦ ، بەغدا ، ٢٩ مایسی ١٩٢٥ ،ل٥ـ٦.

٣١ـ ا ـ حەقی شاوەیس ، نووسینی کوردی چۆن ببێ ؟، گۆڤاری « دیاری کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ٥ ، بەغدا ، ١٢ مایسی ١٩٢٥ ، ل ٨ـ٩ ، بەشی دووەم ، ژ٦ ، بەغدا ، ٢٩ مایسی ١٩٢٥ ، ل ٧ـ٨ .

ب ـ حەقی شاوەیس ، ئیملای کوردی ـ حروفاتی عەرەبی ، گۆڤاری « دیاری کوردستان » ، بەشی یەکەم، ژ٧،بەغدا، ١٤ تەمووزی ١٩٢٥ ، ل ٧ ـ ٩ ، بەشی دووەم ، ژ ١٠ ، بەغدا ، ٢١ تشرینی یەکەمی ١٩٢٥ ، ل ٩ ـ ١٢ .

ج ـ حەقی شاوەیس ، لاپەڕەی نووسینی تازەو کوردی پەتی : لە نووسینو شێوەدا سەربەخۆ ، بەغدا ، گۆڤاری « دیاری کوردستان » ، بەشی یەکەم ، ژ ١٣ ـ ١٤ ، بەغدا ، ٥ مارتی ١٩٢٦، ل ١٨ـ٢٠، بەشی دووەم ، ژ ١٥ ، بەغدا ، ١٨ مارتی ، ١٩٢٦، ل ١٠ ـ ١٢ .

٣٢ـ پیرۆت ، کوردی بە چێ حەرفێ بنووسرێ ، گۆڤاری « دیاری کوردستان » ، ژ١١ـ١٢، بەغدا ، ٥ کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ ، ل ٩ ـ ١١ .

٣٣ـ حەسەن کوردستانی ، لەحەق نووسین تازە ، گۆڤاری « دیاری کوردستان » ، ژ ١٦ ، بەغدا ، ١١ مایسی١٩٢٦، ل ٨ ـ ١٠ .

٣٤ـ ب. چۆن زمانەکەمان بنووسین ، گۆڤاری « هیوا » ، بەشی یەکەم،ژ ٤ ، سالی ١، بەغدا ، ١٩٥٧ ،ل.١ـ١٧، بەشی دووەم ، ژ ٦ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٧ ، ل ٨ ـ ١٩ .

٣٥ـ ب. فرمانی ئێستەمان ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٩ ،

سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٧ – ١٨ .

٣٦– فوئاد زەکی هەناری ، نووسینی تیپی (دال) بە شێوەی سلێمانی ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٧ ، سالی ١ ، بەغدا، ١٩٥٨ ، ل ١٩ – ٢١ .

٣٧– م. م. (محەمەدی مەلا کەریم) ، نووسینی زمانی کوردی، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ٨ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٩ – ١٤ .

٣٨– جەمیل بەندی رۆژبەیانی ، چۆن زمانەکەمان بنووسین ، گۆڤاری « هیوا » ، ژ ١٠ ، سالی ١ ، بەغدا ، ١٩٥٨ ، ل ٨ – ١١ ، ٨٩ – ٩٤ .

٣٩– مارف خەزنەدار ، زمانەوانی ، گۆڤاری « رۆژی نوێ »، بەشی یەکەم ، ژ ٦ ، سالی١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٢٣ – ٢٦ ، بەشی دووەم ، ژ ٨ ، سالی ١ ، سلێمانی، ١٩٦٠ ، ل ١٣ – ١٨ ، بەشی سێیەم ، ژ ١١ ، سالی١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ٣٨ – ٤٥ .

٤٠– عەلائەدین سەجادی ، دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی، گۆڤاری « رۆژی نوێ » ، ژ١٢ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١١ – ١٨ .

٤١– جەمیل بەندی رۆژبەیانی ، راستکردنەوە ، گۆڤاری « رۆژی نوێ » ، ژ ١٢ ، سالی ١ ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ٥٩ – ٦٤ .

٤٢– طاهیر صادق ، هەڵەی نووسین ، گۆڤاری « رۆژی نوێ » ، ژ٣ ، سالی ٢ ، سلێمانی ١٩٦١ ، ل ٦٥–٦٧.

٤٣– شێخ حەسەن ، (ی)ی ئیزافەو (واو)ی عەتف ، گۆڤاری « رۆژی نوێ » ، ژ ٦ ، سالی ٢ ، سلێمانی ، ١٩٦١ ، ل ١٥ – ٦٧ .

٤٤– مەعرووف جیاوك ، بەرگی ئیملای کوردی ، بەغدا ، ١٩٣٠ .

٤٥– ا.ب. هەوری ، دەستووری نووسینی زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی ، سلێمانی ، ١٩٦٨ .

٤٦– مەسعوود محەمەد ، گیروگرفتی رێنووسی کوردی ، گۆڤاری « پەروەردەو زانست » ، ژ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٧ – ٢٨ .

٤٧– مەسعوود محەمەد ، رێنووسی کورد . « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب٤، بەغدا . ١٩٧٦ . ل ٢٣٢–٢٨٨.

٤٨– د. کەمال فوئاد ، چەند سەرنجێکی زمانەوانی،گۆڤاری « رۆژی کوردستان » ، ژ ٢ ، بەغدا ، ١٩٧١،ل٥٨–٥٩.

٤٩– محەمەد صالح سەعید، جارێکی تریش پیتەکانی کوردی، گۆڤاری . « نووسەری کورد » ، ژ٤ ، بەغدا ، ١٩٧ ، ل ٦٤ – ٧٠ .

٥٠– محەمەد ئەمین هەورامانی ، رێنووس پەیڕەوی زمانناسی بکا باشە ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی »، سلێمانی ، ١٩٧٨ ، ژ ١٠ ، ل ٨٨–٩١ .

٥١– رەئووفی ئەحمەد ئالانی ، دواوانێك بۆ رێنووسی کوردی ، رۆژنامەی « هاوکاری » ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، بەشی یەکەم ، ژ ٤٦٩ ، ل ٦–٧ ، بەشی دووەم، ژ٤٧١، ل ٣ ، بەشی سێیەم ، ژ ٤٧٢ ، ل ٣ ، ٧ .

٥٢– رەئووفی ئەحمەد ئالانی ، رێنووسی کوردیو چەند هەڵوێستێك ، رۆژنامەی « هاوکاری » ، بەغدا ،١٩٧٩، بەشی یەکەم ، ژ ٤٧٨ ، ل٣ ، بەشی دووەم ، ژ ٤٧٩ ، ل٣ ، بەشی سێیەم ، ژ ٤٨٥ ، ل٣ ، بەشی چوارەم ، ژ ٤٩٠ ، ل٣ .

(53) Qiraatî Kurdî. Nusrawa ba wastaî Muhammad Zakî Effendî we Mirza Muhammad Bashka Muallîmanî maktabî hukumatî Sulaîman îya. Tartîb krawa be wastaî Major E. B. Soane we Captain W.J. Farrell. Nashir krawatawa be wastaî Daîraî Maarîfî Baghdad, 1920.

٥٤– جەمال نەبەز ، نووسینی کوردی بە لاتینی ، بەغدا ، ١٩٥٧ .

(55) Mîr Hereqol Azîzan, Rêzana Elfabêya Qurdî, Çapxana Tarekî, Sam, 1932.

(56) Celadet Alî Bedir—Xan, Rûpelinen Elfabê, Çapxana Tarekî, Sam, 1932.

(57) Osman Sabrî, Elifbêya Kurdî, Çapxana Kerem, Sam 1955.

٥٨– بڕوانە : د. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ ، ل ٨٣ .

٥٩– هەمان سەرچاوە ، ل ٨٤ .

٦٠– دەربارەی پەیدابوونی چوکلە بۆ (ر)ی قەڵەو،بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو ، کورتەیەکی مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، ل ٨٩–٩٢ .

٦١– بڕوانە ، سەرچاوەی ناوبراو ، (ی)ی ئیزافەو (واوی عەتف) ، ل ١٥ – ١٦ .